سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی پەیامێکی لە ساڵیادی ئەنفالی بادینان بڵاوکردەوە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی پەیامێکی لە ساڵیادی ئەنفالی بادینان بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، "لەم یادی 35 ساڵەی ئەنفالی بادیناندا، بە ڕێز و شکۆدارییەوە یادی شەهیدانی خەڵکی سقیلی بادینان و تەواوی قوربانییانی شاڵاوەکانی ئەنفال دەکەینەوە".

ساڵی 1988 لە گەرمیانەوە تا بادینان 182 هەزار هاووڵاتیی بێتاوانی کوردستان بە منداڵ و ئافرەت و پیر و گەنجەوە، بوونە قوربانیی ئەو تاوانە. هاتووەش، "دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، شاڵاوەکانی ئەنفالی بە جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەم داوە، بۆیە لە کاتێکدا گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال بە بیر دەهێنینەوە، دووپاتی دەکەینەوە کە حکوومەتی عێراقی فیدراڵی، دەبێ ئەرکی خۆی بۆ قەرەبووکردنەوەی خێزان و کەسوکاری قوربانییان جێبەجێ بکات و لە ئێش و ئازاریان کەم بکاتەوە".

لەم یادەدا سوپاس و پێزانینمان بۆ خەڵکی جوامێر و دڵسۆزی هەولێر و بەحرکە و دەوروبەریان دووپات دەکەینەوە، ئەوان ئەو ڕۆژە سەختانە لە کەمپەکانی جێژنیکان بە هانای ڕاگوێزراوان و لێقەوماوانی ئەنفالی بادینانەوە چوون و دەستی یارمەتی و هاوکارییان بۆ درێژ کردن.